# بەهۆی سکاندالی سێکسییەوە ئەمساڵ نۆبڵی ئەدەبیات نابەخشرێ

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ساڵی 2018 لە خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات بێبەش دەبێ، ئەمەش دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی بۆردی ئەکادیمیای سویدی بەهۆی سکاندالێکی سێکسییەوە دەستیان لەکار کێشایەوە.

ئەکادیمیای سویدی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە خەڵاتی ئەدەبیاتی ئەمساڵ بۆ ساڵی 2019 دوادەخرێ و ساڵی داهاتوو دوو براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات ڕادەگەیەنرێ. لە جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئەوە یەکەمجارە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ بەڕێوەنەچێ.

ساڵی ڕابردوو، میدیاکانی سوید ڕایانگەیاند کە 18 ئافرەت باس لەوە دەکەن ژان کلۆد ئارنۆڵد دەستدرێژی کردووەتە سەر ئافرەتان و تۆقاندوونی، ئارنۆڵد پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئەکادیمیای سویدیدا هەبووە و تۆمەتبارە بەوەی دەسەڵاتی خۆی بەکارهێناوە بۆ ناچارکردنی ئافرەتان بەوەی سێکسی لەگەڵ بکەن. ئارنۆڵد تۆمەتبارە بەوەش کە دەستی بۆ شازادە ڤیکتۆریا، شازادەی جێنشینی سوید بردووە. ئارنۆڵد فۆتۆگرافەر و هاوژینی کاترینا فرۆستێنسۆن، ئەندامی ئەکادیمیای سویدە.

کۆمیتەی بەخشینی خەڵاتەکە لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هۆکاری ئەو بڕیارە ئەوەیە "متمانەی گشتی بە ئەکادیمیاکە کەم بووەتەوە".

خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات لە نێوان ساڵانی 1940 بۆ 1943 بەهۆی جەنگی جیهانییەوە نەبەخشرا. جیا لەمە ویلیام فۆکنەر، ڕۆماننووسی بەناوبانگی ئەمریکی، بە ساڵێک دواکەوتنەوە لە 1950 خەڵاتەکەی وەرگرت.

بەپێی ڕێساکانی پێشووی ئەکادیمیای سویدی، ئەندامانی ئەکادیمیاکە بۆ هەموو ژیانیان ئەندامن تێیدا و هیچ ڕێسایەک بۆ دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی نەبوو، بەڵام هەفتەی ڕابردوو کارڵ گۆستافی شانزدەیەم، پاشای سوید، ڕایگەیاند کە ڕێساکانی ئەکادیمیاکە گۆڕاون و ئەندامانی کۆمیتەکە دەتوانن واز بهێنن و لە شوێنی ئەوان کەسانی دیکە دابنرێ.




# ڕۆمانی (لە مەککە) بە کوردی بڵاودەکرێتەوە

## نووسەرەکەی نامەیەکی بۆ خوێنەری کورد نووسیوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی (لە مەککە) نوێترین ڕۆمانی قادر عەبدوڵلا، ڕۆماننووسی ئێرانیی هۆڵەندینووسە و بەمزووانە بە کوردی بڵاودەبێتەوە.

نووسەر و وەرگێڕ شەفیقی حاجی خدر کە ڕۆمانەکەی کردووە بە کوردی، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە تێکەڵەیەکی ڕۆمان، سەفەرنامە، یاداشتی نووسەر خۆیەتی، لەوێدا دەردەکەوێ کە ماڵباتەکەی نووسەر کە هەر خۆی گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە، چی بەسەر هاتووە، هەمووشی لە سایەی سەری ئەو کتێبە قاچاخەی بووە بە ناوی (کردها چ میگویند – کوردەکان چی دەڵێن؟)، هەروەها حاڵەتی وڕێنەی دایکی کە تووشی نەخۆشیی لەبیرچوونەوە بووە، ئیدی هەر بە یادی ئەو سۆزەی کەوا کاتی خۆی کوڕەکەی بەڵێنی پێداوە لەگەڵ خۆی بباتە مەککە و حەجی پێبکا، لە دوایین یەکدی بینینی لەگەڵ کوڕەکەی کە لە (دوبەی) دەبێ، دایکەکە هەروا دەزانێ دەچێتە مەککە". گوتیشی، ڕۆمانەکە بۆ یەکەمجار پێش زمانەکانی دیکە دەکەوێ کە بکرێتە کوردی و بڕیارە بەمزووانە چاپ ببێ. چاپە هۆڵەندییەکەشی هەر هەشت مانگ دەبێ چاپ و بڵاوبووەتەوە.

شەفیقی حاجی خدر دەڵێت: "نووسەر بەتایبەت بۆ چاپە کوردییەکەی نامەیەکی بۆ خوێنەری کورد نووسیوە، تێیدا پەیوەندی خۆی بە کوردانەوە ئاشکرا کردووە".

قادر عەبدوڵلا، تا ئێستا 21 کتێبی لە بواری ڕۆمان و بواری دیکە نووسیوە و ئەمانەیان بە کوردی بڵاوکراونەتەوە: (خانووەکەی مزگەوتێ و دوو خەتی بزماری) کە هەردووکیان لەلایەن شەفیقی حاجی خدرەوە لە هۆڵەندییەوە کراونەتە کوردی، (سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان)، لە لایەن سەلاح بایەزیدی لە فەرەنسییەوە کراوەتە کوردی، (پێغەمبەر) لەلایەن دلۆڤانەوە وەرگێڕدراوە.

قادر عەبدوڵلا ناوی خوازراوی نووسەرە، ناوە ئێرانییەکەی خۆی حوسێن سەجادی قائمقام فراهانییە، یەکەم کتێبی خۆی لە سەرەتای هەشتاکان لە تاران بەناوی خوازراووەوە بڵاوکردووەتەوە.







# بەرهەمەکانی عەتا محەممەد بۆ چەند زمانێك وەردەگێڕدرێن

■ ئا: لیزا محەممەد

کاری وەرگێڕانی سێ بەرهەمی نووسەر و چیرۆکنووسی کورد عەتا محەممەد بۆ زمانی فارسی، تەواو بوون، ئەوەش پاش ئەوەی هەفتەی ڕابردوو ڕۆمانی "پاسەوانانی خودا"ی بە فارسی بڵاوکرایەوە.

هاوکات وا بڕیارە چەند بەرهەمێکی دیکەی نووسەر بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی و سویدی وەربگێڕدرێن جگە لە گۆڕینیان بۆ شێوەزاری کورمانجی.

پاش چاپبوونی ڕۆمانی "پاسەوانانی خودا" و ئەو پێشوازیەی لەم ڕۆمانە کرا، ئێستا کۆمەڵە چیرۆکی "تینا" و "چیرۆکە ئەندێشەکراوەکان" لەژێر چاپدایە و وەرگێڕانی هەردوو کتێبی "ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان و زارەکانی خەون" کاری وەرگێڕانیان بۆ زمانی فارسی لە تەواوبووندایە.

عەتا محەممەد بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هەوڵ هەیە بۆئەوەی چەند کتێبێکی دیکەشی بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی و سویدی وەربگێڕدرێت، ئەمە جگە لەوەی دەگۆڕدرێنە سەر شێوەزاری کورمانجی.

عەتا محەممەد کە لەدایکبووی شاری سلێمانییە و ئێستا لە سوید نیشتەجێیە، نزیکەی پازدە کتێبی چاپکراوی هەیە کە بریتین لە هەشت ڕۆمان و شەش چیرۆک.

# هەتاهەتایە و ڕۆژێکیش... یان ملوانکەیەکی پچڕاو؟!



◄ **میران ڕەشید**

چرکەساتی بینینی پۆستەری شانۆییەک هیوابەخشە، بەو مانایەی شانۆ تێرامان لەبینەردا دروست دەکات و دواتر پەیامەکانی خۆی لە بینەردا بەجێدێڵێ. لەوەش گرنگتر هەواڵی دروستکردن و ڕاگەیاندنی ناوەندێکە یاخود ئەکادیمیایەک، کۆمەڵەیەک بۆ پەرەپێدانی شانۆ و شانۆکار لە دۆخێکدا کە شانۆ پەراوێزخراوترین و فەرامۆشکراوترین هونەری ناو کۆمەڵگەی کوردییە، مایەی سەرنج و دڵخۆشییە.

نزیکەی مانگێک دەبێت ناوەندی شانۆیی تاف لەلایەن چەند گەنجێکی بەتواناوە دامەزراوە، وێرای دەستخۆشیی بێئەندازەی بینەرانی شانۆ، بەڵام بەداخەوە لە یەکەمین کاری ئەو ناوەندەدا بینەری شانۆییەک بووین کە تووشی شۆکی کردین و پرسیار و گومانی زۆری لادروست کردین. ئەویش بە کۆپیکردنی فیلمێکی بەناوبانگی ئێرانی و گواستنەوەی بۆ سەر تەختەی شانۆ بەبێ کەمترین دەستکاری و بەناوی شانۆییەکی کوردییەوە!

**● وەرگێڕانێکی خراپ و وەرگێڕێکی ون؟!**

لە مێژووی هونەردا گەلێک ئاڵوگۆڕی هونەری ڕوویانداوە کە دەچنە چوارچێوەی ئیقتیباس و وەرگێران و نووسینەوە و زۆر ڕۆمانی بەناوبانگ کراون بە فیلم، چیرۆک کراوە بە تابلۆ، شانۆنامە کراوە بە فیلم و .. هتد، بەڵام کاتێک کارێکی هونەریی دەقاودەق وەردەگێردرێت، بە هیچ شێوەیەک نەک هەر ناچێتە خانەی کارێکی هونەریی نوێ و داهێنەرانەوە، بەڵکو دەچێتە خانەی دزیی هونەرییەوە و ڕاستەوخۆ مافی نووسەر و دەرهێنەری بەرهەمە ئۆرجیناڵەکە و بگرە کولتوورەکەشی کە بەرهەمی هێناوە، پێشێل دەکات و لەبەرچاوی ناگرێت.

**● پۆستەر وەک یەکەم ڕێنمایی بۆ شانۆ**

لەسەر پۆستەر بە گەورەیی نووسراوە: (نووسینەوەی بۆ شانۆ: بەرهەم ئەنوەر). لە خوارەوە زۆر بە وردی نووسراوە: ”بۆ نووسینی ئەم دەقە سوود وەرگیراوە لە فیلمی (ابدو یک روز) لە نووسین و دەرهێنانی سەعید روستایی! ئەم دوو دێڕەی پۆستەرەکە زۆر مایەی ڕامان و لەسەر وەستانە. چونکە کاتێک دەنووسرێت: بۆ نووسینی ئەم دەقە! (کام دەق؟!) سوود وەرگیراوە لە فیلمی «ابد و یک روز»، واتە ستافی شانۆکە بڕوایان وایە بەرهەم ئەنوەر دەقێکی نووسیوە و بۆ نووسینی دەقەکەی سوودی لەو فیلمە وەرگرتووە! لێرەدا دەبێت بپرسین بڕی ئەو سوودە چەندە؟! ئایا بەرهەم ئەنوەر تەنیا لەڕووی بیرۆکەوە سوودی وەرگرتووە یان کەسێتییەک یان دوو یان سێ یان چەند دیمەنی کورت و کەمی فیلمەکەی وەرگرتووە یان لەسەدا پەنجا؟! لە ڕاستیدا هیچکام لەمانە نییە و گەر نەڵێین لە سەدا سەد، دەتوانین بەڕەهاییەوە بڵێین لە سەدا نەوەد و پێنجی دەقەکەی وەک خۆی کۆپی کردووە و گواستوویەتییەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ! بۆ دەرکەوتنی ئەو ڕاستییەش هەر بینەرێکی شانۆیی «ملوانکەی پچڕاو» و فیلمی «ابدو یک روز» ببینێت، پەی بەو ڕاستییە دەبات کە شانۆییەکە دەقاودەق لە فیلمی بەناوبانگی ئێرانی «ابد و یک روز» لە دەرهێنان و نووسینی «سەعید روستایی» وەرگیراوە.

ئەم فیلمە خاوەنی نۆ خەڵاتی ئێرانی و چوار خەڵاتی دەرەوەی ئێرانە.

دەقە شانۆییەکە ڕاستەوخۆ لە فیلمەکەوە وەرگیراوە، ناشمەوێت بەراوردی فیلمەکە و شانۆییەکە بکەم لەڕووی ئاستە جیاوازەکانەوە، چونکە ئاشکرایە فەزای فیلم ئێجگار فراوانە و دەستی شانۆکە زۆر کورت و لاوازە لە ئاست فیلمەکەدا .

دەکرا ئەم وەرگرتنە هێندە دەقاودەق نەبووایە، چونکە بینەرانی فیلمەکە ڕاستەوخۆ هەست بەوە دەکەن کە تەنانەت کۆکە و پژمە و لووت پاککردنەوە لەلایەک و جلوبەرگی هەندێک لە ئەکتەرەکان لەلایەکی ترەوە، بەتەواوی کۆپی کراون.

**● ملوانکەی پچڕاو**
**کۆمیدیا یان تراژیدیا؟!**

بابەت و ناوەڕۆکی فیلمەکەی سەعید روستایی کە خۆی نووسیویەتی و دەریهێناوە و ناوبانگێکی زۆری لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا بۆ بەدەستهێناوە و بەرهەم ئەنوەر و دێرین حامد گواستوویانەتەوە بۆ سەر تەختەی شانۆ، تێمایەکی تەواو تراژیدی بەرجەستەیە و بینەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی غەمگین و دڵتەنگە بە بینینی ئەو دیمەنانەی ژیانی ئەو کارەکتەرە پەراوێزخراوانەی کۆمەڵگە و غەم دایدەگرێت. بەتایبەتیش لە سات بەساتی نواندنی ڕۆڵی موحسین لە فیلمەکەدا کە هونەرمەندی گەورەی ئێرانی و جیهانی نەوید محەممەدزادە دەیبینێت و لە شانۆکەدا زەریا سامی ڕۆڵ دەبینێت، بەڵام بەداخەوە لە شانۆکەدا تێگەیشتنێکی دروست نەبووە بۆ ڕۆڵەکە و بگرە بۆ دونیابینی کۆی بەرهەمەکەی سەعید روستایی و زیاتر لەبیری بینەری گشتی و ڕەشۆکیدا بوون و کەسێتی موحسین بە پێچەوانەی ڕۆڵە ڕاستەقینەکەیەوە، بووە بە ڕۆڵێکی کۆمیدی و بینەر دەخاتە پێکەنین و چەپڵەی بۆ لێدەدەن! شانۆیی ملوانکەی پچڕاو و نواندنی ئەکتەرەکانی هێندە دەق سادە دەکەنەوە کە بینەر هەست دەکات بینەری دەمەبۆڵەی دوو کەسی تەواو بازاڕییە، دواتریش یەکێک لە جوانترین دیالۆگەکانی سەعید روستایی دەبینێت کە دەڵێت ئایا خودا پشتی لێمانە یاخود ڕوو، دەکەوێتە بۆشایی ڕیتمی خاو و مردووی نواندنەوە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاد لە پێویست سادەکردنەوەی دەق.

**● وەرگێڕان یان شێواندن**

کاتێک وەرگێڕ شارەزاییەکی بەرچاوی لە هەردوو زماندا نەبێت، کێشەی تێگەیشتن بۆ خوێنەر دروووست دەکات، بەڵام لە وەرگێڕانی دەقی شانۆییدا دوو جار کێشە دروووست دەکات، جاری یەکەم بۆ خوێنەر و جاری دووەم بۆ بینەر. لەم شانۆییەدا کە وەرگێڕەکەی بکەرێکی نادیارە، پرۆسەی وەرگێڕانی لە ئاستێکی خراپدا کردووە، بۆ نموونە کاتێک وەرگێڕی نەشارەزا لە وەرگێڕانی وشەی «مواد مخدر» وشەی «مواد» دادەنێت، هەڵە درووست دەبێت، چونکە لەڕاستیدا ماناکەی دەبێتە «مادەی هۆشبەر»، یان لە وەرگێڕانی وشەی «حمال»دا وشەی «حەماڵ» دادەنێتەوە کە لە زمانی کوردیدا دەبێت بە «حەپۆل، یاخود گەمژە» ، چونکە «حەماڵ» ناوی پیشەوەرە نەوەک جنێو، یاخود کاتێک وشەی «شیشە» وەردەگێڕێت و لە دەقە کوردییەکەدا وشەی «حەشیش» دادەنێت هەڵەی زەق لە دیالۆگێکی گرنگدا دروست دەبێت، چونکە سزای یاسایی «شیشە» زۆر قورسترە لە سزای یاسایی «حەشیش» ، هەروەها دیمەنێکی هەڵە بۆ بینەر نمایش دەبێت کە ڕەنگی «حەشیش» ڕەشە و ڕەنگی «شیشە» سپییە، یان لەکاتی وەرگێڕانی ناوی فیلمەکەدا «ابد و یک روز» لە وەرگێڕانە کوردییەکەدا «هەتاهەتایە و ڕۆژێک» دادەنرێتەوە هەڵە ڕوودەدات، چونکە مانا کوردییەکەی نابێتە ئەوە و دەبێتە «هەتاهەتایە و ڕۆژێکیش»، چونکە ئەم ڕستەیە لە بنەڕەتدا ئیدیۆمە و نابێت وەرگێڕانی وشە بەوشەی بۆ بکرێت. هەروەها مانایەکی قووڵی هەیە و بەبچووکترین هەڵە ماناکەی دەگۆڕێت و هەڵە بە ئەکتەر دەکات و نمایشێکی ناڕوون پێشکەش دەکرێت، چونکە وشەکە ڕوون ناکاتەوە و دیالۆگەکە مانا نادات بەدەستەوە. وافور ئامرازێکە تلیاکییەکان تلیاکی پێدەکێشن و وەرگێڕ بەهەڵە کردوویەتی بە سەبیل! دوور و نزیک هیچ پەیوەندییەکی بە سەبیلەوە نییە کە وشەیەکی ناسراوە لای کورد.

**● نەبوونی دەرهێنان لە نمایشی شانۆیی ملوانکەی پچڕاودا!**

هەر دەقێکی سەرکەوتووی داهێنەرانە، دەکرێت بە شێوازی جۆراوجۆر دەرهێنانی بۆ بکرێت و هەر دەرهێنانێکیش ڕەنگ و بۆ و تایبەتمەندیی خۆی هەبێت و هاوشێوەی یەک نەبن. بەگۆڕینی لۆکەیشنی دیمەنێک لەناو ئۆتۆمبێلەوە بۆ سەر مێزی نانخواردن، ناوترێت داهێنان، بە گۆڕینی موزیکێک ناوترێت داهێنان.

تەنیا ماکیاژکردنی پرۆسەی کۆپیکردن و وەرگرتنەوە دوورە لە هەر داهێنانێکی هونەری وەک ئەوەی لە شانۆیی ملوانکەی پچڕاودا دەبینین کاتێک هەست دەکەین لەبری پەردەی سینەما هەمان شت لەسەر تەختەی شانۆ بە کواڵیتییەکی نزم دەبینین.

**● کۆپی سینۆگرافیا**
**بەهەمان شێوەی کۆپی دەرهێنان!**

لە شانۆیی ملوانەکەی پچڕاودا تەنیا دەق و دەرهێنان و جووڵەی ئەکتەر نییە کە کۆپی کراوە، بەڵکو لەوەش خراپتر سینۆگرافیاش بەهەمان شێوە کۆپی فیلمەکەی سەعید ڕوستاییە و دەقاودەق ماڵەکەی ناو فیلمەکە گواستراوەتەوە سەر تەختەی شانۆ! کاریگەریی سینۆگرافیا هەمان ڕێژە و گرنگیی پێکهاتەکانی دیکەی شانۆی هەیە، بەڵام لە شانۆیی ملوانکەی پچڕاودا نەک داهێنانی سینۆگرافیا نابینین، بەڵکو بینەر هەمان سینۆگرافیای فیلمەکە دەبینێت، هەمان ماڵ، هەمان حەوشە، هەمان شپرزەیی لەخێزانێکدا کە لە غیابێکی تۆقێنەری پەروەردەییدا دەژین، هەمان جلوبەرگ، تەنانەت هەمان سەنتەری نمایش کە حەوشەی ماڵەکەیە. ئەمەش کار دەکاتە سەر چێژگە و دیدگای بینەری هوشیار و وای لێدەکات هەست بە دووبارەبوونەوە بکات.

هیوادارم هەموو بینەرە ئازیزەکانی شانۆیی ملوانکەی پچڕاو (ئەوانەی کە فارسی نازانن) لە یوتوبدا و لە پێگەی کورد سینەمادا سەیری فیلمەکە بکەن بۆ ئەوەی ڕاستییەکەیان زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە. خوازیارم چیدی لە دونیا هەژارەکەی شانۆی کوردیدا ئەم جۆرە ڕووداوە هەرگیز ڕوونەدات و هەرگیز دووبارە نەبێتەوە.

## سەرئێشەیەکی گەورە بۆ ئەکادیمیای خەڵاتی نۆبڵ

# ”دۆنی ئارام“ بەرهەمی شۆلۆخۆفە؟

◄ **وەرگێڕانی: ڕەسووڵ سوڵتانی**



ساڵی 1965 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب لە کێبڕکێیەکی توندی نێوان کۆمەڵێک مەزنە نووسەری وەک ساموێل بێکێت، پابلۆ نێرۆدا، هاینریش بۆڵ، ئانا ئەخماتۆڤا، ئاندرێ ماڵرۆ و فلادیمیر نابۆکۆڤدا بە میخایل شۆلۆخۆف درا. لە ڕاگەیەنراوەکەی کۆمیتەی نۆبڵدا هاتووە کە شۆلۆخۆف تەنیا لەبەر بەرهەمێکی بەناوی ”دۆنی ئارام“ ئەم خەڵاتە وەردەگرێت و لە هەمووان شیاوترە.

ئەوەی ڕاستی بێ شۆلۆخۆف لە 25 ساڵی پاش ”دۆنی ئارام“دا هیچ بەرهەمێکی بەنرخی دیکەی نەخوڵقاندبوو، ئەوەش ئاکامی تاوتوێ و توێژینەوەی کۆمیتەی ئەدەبیی نۆبڵ بوو. بەڵام کۆمیتەی ئەدەبیی نۆبڵ کتوپڕ بە بۆچوون و تاوتوێ و بەدواداچوون و بڕیارەکەی خۆیدا دەچێتەوە و دەڵێ: تەنانەت یەک بەرهەمیش بەسە بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە.

لەمێژ نییە بەپێی کۆمەڵێک بەڵگەی حاشاهەڵنەگر و باوەڕپێکراو، باسی ئەوە دەکرێ کە نووسەری ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ”دۆنی ئارام“ شۆلۆخۆف نییە، بەڵکو کەسێکی دیکەیە.

ئەو بەڵگانە دەیسەلمێنن کە میخایل شۆلۆخۆف تەنیا فرۆفیشاڵێکی ئەدەبییە.

ساڵی 1975 نامەیەک لە سۆلژنیتسین، نووسەرە جیابیر و ئازادیخوازەکەی ڕووسیاوە بە دزی گەیشتە دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت کە تێیدا باسی نووسەرێکی قۆزاقیی دژە بەلشەڤیکی کردبوو بەناوی ”فیۆدۆر کرۆیۆکۆڤ“ و گوتبووی ”دۆنی ئارام“ ئەو نووسیویەتی.

هەڵبەت بەراوردە کۆمپیوتەرییەکان نەیانتوانی ئەو قسانە بسەلمێنن. بەڵام ئاندرێ چێرنۆڤی توێژەری ئەدەبی کە لە سان پێترزبۆرگ دەژی و ساڵانێک لەو مەسەلەیەی کۆڵیوەتەوە، تازە نامەی پسپۆڕێکی تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمی بەناوی ئەلکساندەر ئیلسکیی لە فەیسبووکەکەی خۆیدا بڵاو کردووەتەوە کە لە ساڵی 1989 بۆ شۆلۆخۆڤناسی بەناوبانگ، واتە لیۆکۆلۆدنیی ناردووە.

ئەو نامەیە کۆمەڵێک ڕاستیی ڕاچڵەکێنەری تێدایە.

**باشە ئەو لەقاودانە لەپای چی؟**

کۆلۆدنیی لە وتارێکی تێروتەسەلدا بەرەنگاری هەموو ئەو کەسانە دەبێتەوە کە گومان دەخەنە سەر ناوی شۆلۆخۆف. هەڵبەت لە سەردەمی سۆڤیەتدا ناوزڕاندنی شۆلۆخۆف لێپرسینەوەی سیاسی و سزای لێ دەکەوتەوە، بەڵام لە سەردەمی گلاسنۆست (شەفافیەت)دا زۆر جاران ئەم دەنگۆیە لە میدیاکاندا بڵاوبووەوە کە دۆنی ئارام بەرهەمی شۆلۆخۆف نییە.

نامەکەی ئیلسکی بۆیە سەرسوڕهێنەرە چونکە ئەو شایەتحاڵێکە. ئەو وەک نووسەرێکی گەنج لە نزیکەوە ئاگای لە بڵاوبوونەوەی ئەو بەرهەمە بووە و دەڵێ: لە نێوان ساڵانی 1927 ـ 1930 وەک هەڵچن لە لیژنەی نووسەرانی ”ڕۆمانی گازتا“دا کاری کردووە.



”ڕۆمانی گازتا“ دەستەیەک نووسەری پرۆلیتار بوون کە شۆلۆخۆف-یش لەگەڵیان کاری ئەدەبیی دەکرد. ئەوانە لقێک بوون لە بڵاڤۆکی ”ماسکۆڤسکی رابۆتی“ واتە ”کرێکارانی مۆسکۆ“.

ڕۆژێکی ساڵی 1927 بەڕێوەبەری ئەو دەستەیە بەناوی ئانا گرۆدسکایا دوو بەشی سەرەتای بەرهەمێکی تازە بۆ پێداچوونەوە دەداتە ئیلسکی (ئانا گرۆدسکایا وەکو ”دوژمنی گەل“ لە 1938ـدا گوللەباران کرا).

هەر دوو بەشەکە زۆر سەرنجڕاکێش و شیرین بوون. زۆر ناخایەنێ، ئانا گرۆدسکایا دەستەی پێداچوونەوە و هەڵچن بانگ دەکا بۆ کۆبوونەوەیەکی خێرا و دەڵێ: لە سەرەوە فەرمانمان پێ کراوە ئەو دوو ڕۆمانە تازەیە دەبێ بەناوی ”میخایل شۆلۆخۆف-ی 22 ساڵان“ەوە چاپ و بڵاو بکرێنەوە.

هۆکاری ئەو بڕیارەش ئەوە بوو کە نووسەرە سەرەکییەکەی ئەو ڕۆمانە ”دۆنی ئارام“ سەر بە ”دوژمنی گەل“ یان بەجۆرێکی دیکە بڵێین ”دژە شۆڕش“ بووە.

هاوکات، دامودەزگای پرۆپاگەندەی حیزب لە یەکەم ساڵی بەرنامەی پێنج ساڵانەی خۆیدا پێویستی بە بەرهەمێکی ئەدەبیی پرۆلیتاری و بێوێنە هەبوو کە یەکێکی خۆمانە و پاڵەوانێکی پرۆلیتار نووسیبێتی.

ئیلسکی دەڵێ: شۆلۆخۆف زۆر سەردانی ئۆفیسی گۆڤارەکەی دەکرد. کەسێکی خاکەڕا و شەرمن بوو، زۆر خۆی لە مشتومڕ و باسەکان نەدەدا. زۆری پێ نەچوو هەردوو بەشەکەی سەرەتا بەناوی ئەوەوە بڵاوبوونەوە و پاش ئەوە شۆلۆخۆف ئەو ڕۆڵەی گرتە ئەستۆ و بوو بە بەشێک لە شانۆی حکوومەتی سۆڤیەت.

ساڵی 1932 و 1940 بەشی سێ و چواری ”دۆنی ئارام“ بڵاوبووەوە کە وەک ئیلسکی دەڵێ، شۆلۆخۆف هێندێ هەوڵی دا بیگرێتە ئەستۆ، بەڵام سەرنەکەوت، هەر بۆیەش دەستەیەک نووسەری گەورە ئەو کارە بەنرخەیان گەیاندە کۆتایی.

دوو بەشی کۆتایی دۆنی ئارام لە ڕووی شێوازەوە لەگەڵ دوو بەشی سەرەتای زۆر ناکۆک و ناتەبایە.

ساڵانی 1928 و 1929، شۆلۆخۆف خەریکی نووسینی ڕۆمانێکی دیکە بوو بەناوی ”زەویی تازە ئاوەدانکراو“، هەرچۆنێک بوو ئاخری تەواوی کرد و دایە دەستەی پێداچوونەوە، بەڵام ئەوەندەی کەموکووڕی هەبوو کە تیمێکی گەورەیان لە نووسەرانی وەک ”یۆری لیبدینسکی و ئەلکساندەر فادایێڤ و ئیلسکی“ ڕاسپارد بۆ ئەوەی لە ماوەی ساڵێکدا هەموویان بچنە گوندە قەزاقنشینەکەی ”ڤیۆشنسکایا“ کە شۆلۆخۆف لەوێ دەژیا، تا بە ڕۆمانەکەدا بچنەوە و وای لێ بکەن شیاوی بڵاوکردنەوە بێ.

پاش ڕۆمانی ”زەویی تازە ئاوەدانکراو“ کە بەرهەمێکە زۆر بە خەستوخۆڵی بانگەشە بۆ ڕۆڵی بنیاتنەرانەی یەکێتی سۆڤیەت دەکا، ئیتر شۆلۆخۆف تەنیا کۆمەڵێک بەرهەمی کورتی بڵاو کردەوە.

ئەکادیمیای ئەدەبیی سوید ئێستا لە سۆنگەی ئەم بەڵگە تازانەوە تووشی سەرئێشەیەکی گەورە بووە و وا خەریکن یەکلای بکەنەوە.

**سەرچاوە: کەیهانی لەندەن، کە لە وێبسایتی سویدیی Forum Axess وەریانگرتووە.**

# گەشتنامەی کوردان بە زمانی عەرەبی

## کورد و کولتووری نووسینەوەی گەشتنامە

سەنگەر زراری



ڕەنگە بواری نووسینەوەی گەشتنامە یەکێک بێت لە بوارە هەژارەکانی ئەدەبیاتی کوردی، چونکە کورد کەمترین گەڕیدە و گەشتەوەری هەبووە. هەڵبەت کەسانێکی زۆری هەبووە کە لە دێرزەمانەوە وڵاتی خۆیان جێهێشتووە و بە وڵاتانی دنیادا گەڕاون، بەڵام ئەمانە گەڕانەکانیان بۆ هەر مەبەستێک بووبێت، گەشتەکانیان نەنووسیوەتەوە و نووسینەوەی گەشتنامە لەلایان پڕۆژە نەبووە، لە گەڕان و بەدواداچوون بەدوای گەڕیدە و گەشتنامەی کوردیی پێش سەدەی بیستەمدا، تەنیا دوو گەڕیدەی کوردمان بەرچاو دەکەوێ، ئەوانیش هەردووکیان بە زمانی عەرەبی گەشتنامەکانیان نووسیوەتەوە، ڕەنگە هی دیکەش هەبووبن و نەگەیشتبنە ئێمە، یان بە کەمی بڵاوبووبنەوە و فەوتابن، یانیش من دەستم پێیان ڕانەگەیشتبێ. لە نێوان ئەو دوو گەڕیدەیەی دیاریشن، یەکێکیان زانیارییەکی زۆر کەم لەبارەی ژیانییەوە هەیە و ئەوی دیکەش تا ڕادەیەک ناسراوە، ئەم دوو گەڕیدەیەش هەریەکە لە (ئەحمەد ئیبن فەزلان) و (شێخ تەهای بالیسانی)ن.

لەبارەی ئیبن فەزلانەوە، سەرەڕای ئەوەی زانیاریی کەم لەسەر ژیانی هەیە، لە هەندێ سەرچاوە نەبێ دەنا ئاماژە بەوە نەکراوە کە کوردە و دیاریش نییە کوردی چ شوێنێکە؟ بەڵام ئەوە زانراوە کە یەکێکە لە گەڕیدە بەناوبانگەکان لەسەر ئاستی جیهان، لەڕووی نووسینەوەی ئەدەبیاتی گەشتنامەوە کتێبێکی گرنگی هەیە بە ناونیشانی (گەشتی ئیبن فەزلان- رحلة ابن فضلان).

ناوی تەواوی ئەحمەد کوڕی عەباس کوڕی ڕاشد کوڕی حەمادە، لە سەدەی دەیەمی زایینی ژیاوە. زانیارییەکی کەم لەبارەی ژیانییەوە هەیە و لە بەغدا ژیاوە، ساڵی (921ز) گەشتێکی بۆ وڵاتی بەلگارەکانی ڤۆڵگا کردووە، تا نامەی خەلیفەی عەباسی "موقتەدیر بیلا" بگەیەنێتە کراڵی رووس، یاخود شای سلاڤان، وەک زانراوە لە ڕۆژی (12)ی ئایاری (922 ز) گەیشتووەتە شوێنی مەبەست. ئێستا ئەم مێژووە لە تەتەرستان بووەتە ڕۆژێکی ئاینیی موسوڵمانان.

گرنگیی گەشتەکەی ئیبن فەزلان لەو زانیاریانەدایە کە لە گەشتنامەکەیدا تۆماری کردوون، لەبارەی پێکهاتە و دابەشبوونی ئەوسای گەلانی دانیشتووی سەر ڕێگای گەشتەکەی کە لە بەغداوە دەستپێدەکات و شارەکانی: نەهرەوان، هەڵوەن، کرماشان، هەمەدان، ساوە، رەی، سمنان، دامغان، نیشابور، سەرخەس، مەروە، ئامول، جەیحون، بوخارا، خوارزم، جرجانیە، جیت و هەرێمی باشگرد دەبڕێت و بەناو هۆزە دواکەوتووەکانی ئۆغوز (تورکمان) و بەشکیردا تێدەپەڕێت کە هێشتا موسوڵمان نەبوون و دەگاتە بنکەی شای سلاڤەکان لە شارێکی سەر ڕووباری ڤۆڵگا کە بە بۆچوونی هەندێک لە مێژوونووسان دەبێت شاری (کازان) بێت. کازان ئێستا شارێکی موسڵمانەکانە لە رووسیای فیدراڵ و پایتەختی هەرێمی تەتەرەکانە. گەشتەکەی ئیبن فەزلان بەدەر نییە لە ڕەخنە و هەندێک لە مێژوونووسان دەڵێن، هەندێک زانیاری نادروستی تێدایە، بەڵام ئەمە لەوە کەم ناکاتەوە کە یەکێکە لە گەشتنامە گرنگەکانی مێژووی ئیسلامی و جیهانی و وەرگێڕدراوەتە سەر چەند زمانێکی بێگانە. لەگەڵ ئەوەشدا وەکو چۆن وردەکاری ژیانی ئیبن فەزلان و پەیوەندی بە کوردبوونییەوە، ڕوون نییە، بەهەمان شێوە گەشتنامەکەشی پەیوەندی بە کوردبوون و باسی کوردەوە نییە، ئەوەندە هەیە کە ئیبن فەزلان گەڕیدەیەکی بە ڕەچەڵەک کوردە.

بەڵام ئەو نادیارییەی لەبارەی گەشتەکەی ئیبن فەزلانەوە هەیە، لەبارەی ژیان و گەشتنامەی شێخ تەهای بالیسانییەوە نییە. شێخ تەها هەم خۆی لە گەشتنامەکەیدا باسی خۆی کردووە، هەم ژیان و گەشتنامەکەشی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە.

شێخ تەهای بالیسانی تاکە گەشتیاری کوردە کە نزیکەی نیوسەدەی ژیانی لە دەرەوەی کوردستان بەسەر بردووە و پاشان وەکو گەڕیدەیەک گەڕاوەتەوە کوردستان و لە گەشتنامەکەیدا باسی ئەو ناوچانەی کردووە کە هەم لە کوردستان و هەم لە دەرەوەی کوردستانیش سەردانی کردوون.

ئەو لە ساڵی (1157ک/ 1744ز) گوندی بالیسانی زێدی خۆی جێدێڵێ و دواجاریش لە ساڵی (1204 ز/ 1789 ز) لە شاری دیمەشق دەگیرسێتەوە، لەم نێوانەدا گەشت بۆ چەندین شار و وڵات دەکات، ڕێگای حەج دەگرێتەبەر، بەڵام بە شارەکانی: موسڵ و دیمەشق و بەیتولمەقدیس و یافا و دمیات و مەنسوورە، تەنتا و قاهیرەدا تێدەپەڕێت، ئینجا دێتەوە سوێس، یەنبوع، جددە، مەککە، لەوێ فەریزەی حەج جێبەجێ دەکات و دەگەڕێتەوە دیمەشق و دەچێتە تەڕابلوس، لەوێشەوە بەڕێگای ئاویدا دەچێتە قوبرس و جارێکی دیکە دەچێتەوە میسر، پاشان جارێکی دیکە دەچێتەوە مەککە و مەدینە بۆ بەجێهێنانی حەجی دووەم، ئینجا دەگەڕێتەوە دیمەشق و پاشان دەچێتە حەلەب و گەشتی دووەم دەستپێدەکات، ئینجا بە زەحمەتییەکی زۆر دەگاتە ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە ڕێگای فورات دەگرێتەبەر بەرەو عێراق، دەگاتە هیت و لەوێوە دێتە بەغدا، لەوێ زۆر نامێنێتەوە و دەچێتە کەرکووک، ئینجا دەچێتە کۆیە و پاشان ئاکرێ، ئینجا دەچێتە نسێبین، ماردین، حەلەب، حەما، حمس، دوا جاریش دەگەڕێتەوە دیمەشق و کۆتایی بە گەشت و گەڕانەکەی دێنێ. ئینجا دەست دەکات بە نووسینەوەی گەشتنامەکەی و بەوردی کاری لەسەر دەکات، بە جۆرێک ئێستا گەشتنامەکەی وەکو یەکێک لە سەرچاوە مێژووییە گرنگەکان چاوی لێ دەکرێت.

پێدەچێت شێخ تەها هەستی بەوە کردبێت کە زانیاری لە ناوچە کوردییەکان لەڕووی مێژوویی و جوگرافییەوە زۆر کەمە، بۆیە ئەو لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان بەوردی سەرنجەکانی تۆمار کردوون و باسی ئەو شوێن و ناوچانە دەکات کە پێیدا ڕۆیشتووە.

شێخ تەها لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەست بە گەشتەکەی دەکات و لە سەرەتای گەشتنامەکەیدا بەم جۆرە باسی خۆی دەکات: "کاتێک تەمەنم هەڵکشا و هۆشم گەشەی کرد، لە قۆناغی پێگەیشتنەوە بۆ قۆناغەکانی تر، بینیم باوکم تەواوی قورئانی لەبەرە، فاتیمەی خاڵۆژنم بە زانایەکی مەزن دادەنرێ، منیش لەژێر سێبەری نووری ئەواندا بەهرەم وەرگرت.. دوای دە ساڵ لە تەمەنم، خرامە بەر خوێندنی زانستەکانی (فیقهـ)و (نەحو) و (سەرف)، دواتر بە هونەری شیعر و پەخشان سەرقاڵ کرام. لەم هەڕەتی لاویەمدا کەفوکوڵی سەفەرکردن دڵ و دەروونیان جۆشاندم، نیشتیمان و وڵاتی خۆم جێهێشت و بۆ مەبەستی ئەنجامدانی مەناسیکی حەج و گەشتی زانیاری بۆ وڵاتان بەڕێکەوتم..".

تەها یەحیا میر سلێمان بالیسانی، ساڵی (1719ز) لە گوندی بالیسان لەدایک بووە، لەلای دایکی (خەدیجە کچی مەلا محەممەد) دەستی بە خوێندن کردووە، پاشان بۆ خوێندن چووەتە کۆیە، ساڵی (1743ز) دەستی بە گەشتەکانی کردووە و جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی دەزانی، ساڵی (1790ز) لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کرد.

شێخ تەها لەمیانەی گەشتنامەکەیدا، گەلێک دیمەن و تێبینی و زانیاری تۆمار کردوون کە زۆرجار ئەم جۆرە زانیاریانە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا باس ناکرێن و بەمەش بوونەتە سەرچاوەی گرنگ لەبارەی ئەم شوێنانە.

دەتوانین بڵێین ئەم گەشتنامەیە، سەرەتایەکە بۆ گەڕیدەیی کوردان و نووسینەوەی گەشتنامە.



**ژێدەرەکان:**
**1- رحلة طه الكردي البالیساني- تحقیق: الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، مؤسسة موكرياني للبحوث و النشر، الطبعة الاول (2007).**
**2- شێخ تەها بالیسانی: گەڕیدەیەکی پڕ بەرهەم، حەیدەر عەبدوڵڵا.**
**3- ماڵپەڕی ویکیپیدیا.**

# کرێکار و نیشتیمان

عادل قادری



کرێکاران لە یەکەمین بوونەوەرانی زەوین. ڕەنگە تا پێش هاتنە کایەی سیستەمە کۆن و نوێ سەرمایەدارییەکان، "کرێکار" لە پێگەی وشەدا لاخت (بافت)ێکی وشەیی بەم واتا و مەدلولەوە نەبوو کە ئێستە مانا دەکرێتەوە: کەسێک کە لەباتی "کار"، "کرێ" وەردەگرێت، واتە (هێز)ی کار دەفرۆشێت. لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی ( man) پیاو، (lobor ڕەنجدەر، تاقیکەر) ) workman پیاوی کار)... هەرسێیان بۆ کرێکار بەکارهاتوون، شتێک کە لەم وشانە هەڵدەهێنجرێت، چەمک و واتایەکە بەناوی "توانست" ..."هێز"... ئەوە دواتر بوو کە بەسەرهەڵدانی سیستەمە سیاسی و دیسپۆتیزم (پلەخوازی خودا/ بەندە یان ئاغا و کۆیلە) ـە ئاڵۆزە سەرەتاییەکان ئەم "هێزە" لەدەست بنیاتنەرانی زەوی.. بنیاتنەرانی شارستانییەت.. بنیاتنەرانی ئەهرامی میسر.. وەرگیرایەوە و لە پێگەی وشەش مانایەکی "زۆرتر" ئایدیۆلۆژیکی وەرگرت. بێ هۆ نەبوو کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا نیوەی خەڵکی دونیا بەرەورووی ڕەوت و گەڕیانە مارکسیستییەکان هاتن. هەر چەند پێناسەی کرێکار زۆر گۆڕاوە لە گوتارە فیکری و فەلسەفی و سیاسییەکاندا، من لێرەدا بەڕوانینی هێرمنۆتیکی و نێوان دەقییەوە دەیخوێنمەوە. هەرچەندە پێوەندی "کار" بە مرۆڤەوە وەکوو بوونێکی ئاوەزمەند پێوەندییەکی زۆر ئاڵۆزە و ئەو فۆرمەی پێوەندی و پێناسە بۆ "کار" هەر هەمان پێوەندی و ڕوانین نییە بۆ مانا و پێگەی "کار" لە ڕابردوودا. کرێکاری جیهانی کۆن "کار"ی بە خزمەتکردن و مافێکی"خۆی" دەزانی کە دەبێت بۆ خاوەن کار بیخاتە ڕوو! خاوەن کار لە سۆنگەی کرێکارەوە هێز و دەسەڵاتی جێبەجێکاری و سزادەری خۆی وەردەگرت و بەبۆنەی ئەوەوە "بوون" و هێزی واتای وەردەگرت، بەڵام ئێمە لێرەدا لەگەڵ ئاستی خوار و نزم لە هۆشیاریی کرێکاردا ڕووبەڕووین، نەبوونی وشیاری لای کرێکار بە هەر هۆیەک بووبێت، هۆکاری درێژبوونی تەمەنی سیستەمێکی خاوەن کار بوو کە خۆی لە ڕێگەی خوێن و ڕەچەڵەک (نژاد) و ڕەگەزێکی جیاواز و سەرتر بە خاوەنی زەویوزار و موڵک دەزانی و غیابی هۆشیاری و هزرێکی پرسیارساز دەبووە هۆی مەشرووعییەتی وەها باوەڕێک لای کرێکار. کرێکاری زگماک لەو کاتەوە لەدایک بوو کە باوەڕی بە چەشنێک لە بانسرووشت و میتافیزیکی ئامادەی خاوەن کار و زەوی و موڵک پەیدا کرد. خاڵی ئەفسووناوی و سەیر لەمەدایە کە لە قۆناغگەلێکدا ئەوەندی کرێکار پارێزەری خاوەن کار و بەرژەوەندی و هاوکێشەکانی بوو، ئەوەندە خودی خاوەنکار و دەسەڵاتداری زەوی بە پەرۆش و خەمخۆر نەبوون بۆ خۆیان. ڕازی جاویدبوونی ڕەنجی کرێکار لە ئیمان و باوەڕیدایە بە "ناخود" و لە بێئیمانیدایە بە"خود". واتە ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای بکەین، بەشێک لە مێژووی چەوساندنەوەی کرێکاران پێی لەناو میتافیزیک و سیستەمە ئاینییەکانیشدایە. ڕەنگە بەم هۆ سایکۆلۆژییەوە بێت کە لەو هەموو بیرۆکە و تێزە زانستییانە و (نیوە زانستییانە)ی مارکس ڕستەی "دین ئەفیونی گەلانە" زۆرترین بەرەو پەیدا دەکات و دەکەوێتە سەر زاران. ڕەنگە ڕقی گەورەی مارکس لە دینیش لایەنێکی هەر ئەمە بووبێت. بەهەر حاڵ ڕەنگە ئەگەر مێژوو لە ڕوانگەیەکی فۆکۆییەوە واتە مێژوویەکی ناخەتی و لادەرخواز و داشکاو بخوێنینەوە، بەشێکی زۆری مێژوو هێشتا هەر کرێکاران تێیدا ئامادەن. وەک چۆن دەڵێن: کرێکار نیشتمانی نییە، دەکرێت بڵێم کرێکار خۆی نیشتمانێکە کە خێو و خاوەنی زۆرە، جگە لە خۆی! هەڵبەت لای من ئەم ڕستانە مانا و تەئویلی زۆر هەڵدەگرن و دەشێت خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت، بە تایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستەدا زۆر شت گۆڕاوە و زۆر گۆڕانی گەورەش بەڕێوەیە. کرێکاران هاوخوێنترین نەتەوە و هاوڕەنجترین چینی جیهانن و جوێکردنەوەیان لە پلەی "ڕەنج" دا لە یەکدی هەڵەیەکی بنەماییە لە تیۆری و خوێندنەوەدا، بەڵام لە ڕووی دۆخ و هەلومەرجەوە کرێکاران جیاوازییان زۆرە، ئەو کرێکارەی کە جۆرج ئۆرویل لە سیستەمێکی چەوسێنەری مارکسیستی لە ڕۆمانی 1984 دا باسی دەکات، زۆر جیاوازە لەو کرێکارەی کە ئیبراهیم ئەحمەد لە چیرۆکی"بلە"دا باسی دەکات. بۆیە لەم دەروازەیەوە دێمە سەر چەند وتەی کورت لەسەر کرێکاری کورد. هەرچەندە ئەزموونی ئەم خوێندنەوەی من ناکرێت بێبەری بێت لە توخمگەلی ئەزموونی کرێکاریی خۆم. کەم کورد هەیە لە دونیا بەشێوەیەک کرێکاریی ئەزموون نەکردبێت. بۆیە ئەم خوێندنەوەیەی من ئەوەندەی فامێکی کۆمەڵگایی و هەرێمییە بۆ کرێکاری کورد، ئەوەندە لێکدانەوە و گێڕانەوەیەکی جیهانگیر و بانهەرێمی نییە بۆ "کرێکار" بە گشتی و چەمک و واتای "کار" بە تایبەتی.

### کرێکاری کورد و نیشتیمان

ئەگەر خوێندنەوەیەک بکەم بۆ ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت: کرێکاران نیشتمانیان نییە یان بێ نیشتمانن"، دەڵێم جیاوازیی بنەمایی لە نێوان"بێ نیشتمانی" و "نانیشتمان"یدا هەیە لە پێکهات و مەدلوولە ژێرەوانکێکانی ئەو ڕستەیەدا. "نانیشتمانی" ئەزموونێکە کە لە هەناوی بوونەوەرانێکی کرێکاری هۆشیاردا دێتە ئاراوە، هۆشیارییەک کە زۆرتر لە هەست و تێگەیەکی غوربەتئامێز دەچێت. وەک ئەوەی بگەن بە فامێک کە خاوەن نیشتمان نەبوون یان ڕزگار بوون لە خواست و ئارەزووی موڵک/ نیشتمان"دار"بوون بە ئازادی و نانیشتمانی بخوێننەوە و لە جیهانێکی پێچەوانەی ئەوەدا غوربەت زۆرتر بۆیان زەق بێت. ئەم هەستەشە کە گرێدراوی و هەڵپێکراویی قووڵ لە نێوانیاندا بەدی دێنێت و پێگەی خەون و ڕەنجەکانیان بێ سنوور و جیهانگیر دەکاتەوە. ئەوەی کە مەبەستمە پەیوەست بە کرێکاری کوردەوە بیڵێم، ئەوەیە کە کرێکاری کورد بە کەمترین حاڵەت لەو نانیشتمانییە نێزیک بووەتەوە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەی کە هیچکات تامی نیشتمان و زەویی خۆی لە ژینگە و زێدی خۆی نەچەشتبێت یان زۆر هۆکاری دیکە. تەنانەت بزووتنەوەی چەپی کوردیش وەک زۆر بزووتنەوەی چەپی دونیا، بەتایبەتی ئەوانەی کە هاوشێوە بوون لە دۆزی کورد، نەیانتوانی هەست و ڕۆحیەتێکی ڕاستەقینەی جێگر و جەماوەری "نانیشتمانییانە" دروست بکەن، ڕەنگە کۆمیدی بنوێنێت کە بڵێم جەبرێکی مێژوویی ڕەوتی خەباتی سۆسیالیزمی کوردی لە نانیشتمانییەوە بەرەو خەبات لەسەر "بێ نیشتمانی" و بێبەشبوون لە زەوی و نیشتمان واتە گوتاری ناسیۆنالیزم ملکێش کرد. ڕەنگە ئەمەش بمانباتەوە بۆ تەفسیرێکی نامارکسی لە هیگڵ و خوێندنەوەی دووبارەی خودی هیگڵ و واتاکانی ڕۆحی ڕەها و خودئاگایی و... هەڵبەت ناشبێت کرێکاری کورد بە تەواوی لە ڕووبەری گوتار و ڕەوتی چەپدا بناسرێت و بخوێنرێتەوە. هێشتا باس و فایلی نەکراوەی زۆر هەیە کە دەبێ بیکەینەوە تاکوو هەندێ لە واتاکانی "کرێکاری کورد"مان بۆ دەربکەوێت. وەکوو پێناسەی کار لە پێکهاتی کۆمەڵگای کوردی، چینەکانی کرێکار، خاوەن کار، ئامێرەکانی کار، بێکاری و زۆر شتی دیکە.

### بیرەوەرییەکی سەردەمی زانکۆم:

کوردێکی گەڕۆکی عەترفرۆش: عەتری گوڵ، عەتر! عەتری گوڵ!

هاوڕێیانی ناکورد: چاو لەو کوردە، جوانترین و ڕۆمانتیکترین شتیش بفرۆشن، هەر دەڵێی کرێکارن!

من: ئێوە وا دەزانن خۆتان خاوەنکارن!... لەوەش خراپتر وادەزانن خاوەنکاری واتە ئینسانی کامڵ؟

لە ڕوانگەی ئیستاتیکی-ئەدەبی منەوە ئەو عەترفرۆشانە بوون کە عەشقیان دەبەخشییە ژیانی خوێندکارانی ئەو دەڤەرە. "ئەی ئەو عەترەی قەتارچییە ڕووخۆشەکانی شەو دەیکەن بە ڕێگاکاندا...ئەی عەشق.. تاڵانم کە... قەسیدەی عەشق. بەختیار عەلی".

لە ئاستی زمانییشدا پاش جیهانیبوون و ئەزموونکردنی لەناکاوی مۆدێرنیتە لە کۆمەڵگای هەلاهەلاکراوی کوردییەوە گۆڕانکاری جیاواز و سەیر هاتە ئاراوە. لە زمانی کوردی (دیارە بەپێی گەشەی کۆی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگا/ کە لە کۆمەڵگای کوردیدا ئاستی گەشەی هێشتا زۆر نزمە و ئەو گەشەیەش کە کراوە زۆر ئاڵۆز و لارسەنگە)، وشەکانی ڕەنجدەر، زەحمەتکێش، کۆڵنەدەر (لە هەندێ گوتاردا)، بەشخوراو، تێکۆشەر ... هاوواتا و هاودەستی وشەی کرێکار بوون. ئەم کارکردە زمانییە بەدەر لەوەی چ گوتارێک بەرهەمی هێناوە و چۆن لە ماناکانیش کراوە، نیشانەیەکی زەقە بۆ ئەوەی کە لانیکەم لە کۆمەڵگای کوردیدا کرێکار واتاگەلی جۆراوجۆری هەیە. کرێکاری کورد دەبێت لە سەرەتادا پارچە عەرد و زەوییەکی هەبێت تاکوو خەونی کۆمەڵگایەک بنێت بۆ دابینکردنی مافی کرێکار و دەروەستی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەی لا بڕوێت، چوون وەکوو مارکس دەڵێت: سواڵکەر و بێ موڵک نابێت لە شۆڕش بترسن و دەبێت خۆیانی تێکەن و بەشداری بکەن، چوون هیچیان نییە لە کیسی بدەن. کرێکاری کورد دەشێت یان دەبێتێکی مێژوویی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، بەناوی"بێ نیشتمانی/ زەوی/ عەرد/ موڵک/ ماف/ هۆشیاری..." چارەسەر بکات تاکوو بگاتە ئاستی "نانیشتمانی، ئازادی، دادوەری، دیموکراسی..."

پرسیارێک کە دەبێت بەردەوام و بەشێوەیەکی فەلسەفی بیکەین ئەمەیە: کێ کرێکارە؟

**کرێکاری کورد دەبێت لە سەرەتادا پارچە عەرد و زەوییەکی هەبێت تاکوو خەونی کۆمەڵگایەک ببنێت بۆ دابینکردنی مافی کرێکار و دەروەستی تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەی لا بڕوێت**

# تارا..
# شێوەکارێك بەدوای ئازادیدا وێڵە

رۆستەم ئاغالە



تێگەیشتن لە هونەری پیاوان، ئاسانترە لە هونەری ژنان (فێمینیستان)، چونکە ژنان عەقڵ و جەستەیان ئاڵۆزترە، هەرچەندە لە هونەردا شتێک نییە بەناوی جیاکاری لە نێوان ژن و پیاودا.

ئەگەر جوانی ژن هێندە سەرنجڕاکێش و سیحراوی نەبووایە، سیحری ئیستاتیکای هونەر زۆر بە جۆشتر دەبوو لەوەی هەیە. بەشێکی زۆر لەوەی هونەر دەیخاتە سەر بیر و چاومان، پەیوەندی بە جوانیی ژنەوە هەیە .ئەگەر پیاو نەبووایە داهێنان و سەرکردەکانی دونیا بەدەست ژنانەوە دەبوو، بەڵام پیاوان بەهێزترن لە ژنان لەرووی جەستە و خۆگێلکردنەوە، نەک هۆشەوە .

ئەوە ژنانن بەر لە پیاوانی بۆن ئارەقاوی، لە سۆسیالە سەرەتاکانی ئەم ئەستێرەیەدا بەشی زۆری پێشکەوتنە ئابوورییەکانیان بەدەستەوە بووە، پیاوان بە ڕێگای کۆنی خۆیان هەر چاولەدەر بوون، خەریکی راو و شکار بوون، بەڵام ژن لە دەوروبەری رەشماڵ خەریکی چاندن بووە، خەریکی هونەری ڕێکخستنی ناو ماڵ بووە. بە هەردوو دەستی کاری کردووە و بە مێشک و لاشە زۆر هیلاک بووە. ژنان داهێنەری ریس و رستن و چنین و قوماشن. هەر ژنە داهێنەری هونەری دروویـن، چنین، گۆزەکاری، سەبەتە چنین.... گرتنەوەی رەنگەکان لە رووەک و سروشت هەر لە ئەستۆی ژنان بووە. بە کورتییەکەی پیاوان گێژ و سەرباز و چەکهەڵگر بوونە و ژنانیش داهێنەری هونەر.

رۆژانێک گوزەرانی محەممەدی پێغەمبەر لەبەر دەستی ژنێکی بازرگاندا بووە، مێژووی ئیسلامیش بە شانازییەوە باسی دەکات. منیش دڵم بەو میکسبوونی پیاو و ژنان و هاوکاری و نزیکبوونەوەیە خۆشە، ئابووری بەدەستی ژنێکەوە بووە، خەدیجە بازرگانێکی فێمینیست بووە. بە شانازییەوە باسی کار و چوونە دەرەوەی کردووە، لە پیاوان باشتر رۆڵی بینیوە. تا ئێرە سیناریۆی رووداوە راستییەکە وەک خۆی دەگێڕنەوە. بەلامەوە سەیرە دواتر ئەو هەڵوێستەیان بیردەچێت و بەشداریی ژنان لەناو کۆمەڵ سفر دەکەنەوە. بۆ ئاسایی نەبێ خێزانی خۆیان یان ژن و بێوەژنان لەگەڵ پیاوان کارنەکەن. گەشت بکەن بە فڕۆکە نەک بە قەتاری دوو مانگی لە مەککەوە بۆ شام کە پڕیەتی لە کات و شوێن و هەل. بە فڕۆکە بچنە چین و ئیستانبول کاڵا بە کۆنتێنەر بهێنن، نەک بە زنجیری ئاین لە ماڵەوە ببەسترێنەوە و وەکو بووکەڵەی پێشانگاکان دابنرێن، یان وەکو شێلم بە ترش بە پەڕۆ دایانپۆشن. پەیڕەوکارانی دین ئێستا دەترسن کچان و ژنان نیگار بکێشن یا قەتاری قاجاخی بکەن لە مەرزی باشماخ، ئەوان دەترسن کچ و ژنیان وەکو خەدیجە و عائیشە چاوکراوە و خوێندەوار بن، شێوەکار و پزیشک بن .

ژنانی شێوەکار بە بەراورد بەپیاوان ژمارەیان زۆر کەمە، بەڵام ژنان خاوەنی جۆرجیا ئۆکیفی ئەمریکی، تامارا لی لۆمپیکای پۆڵەندی و فەریدە کاهۆلی مەکسیکی و سەدانی دیکەن.

من لە نزیکەوە تارا فەرخوندە (Tara Fark-hondeh) ناناسم و نەشمبینیوە، بەڵام لەڕێگەی فەیسبووکەوە ئاشنای هونەرەکەی بووم وەک ماتریاڵی هونەر. هەروەها نازانم لەکەیەوە نیگاران دەکێشێ و تەمەنی چەندە! بەڵام لە توولەڕێی هونەرەکەیەوە خەریکە دەیناسم و دەزانم تەمەنی چەندە. ئەو نائاشنابوونە کێشەکە نییە، چونکە من زۆربەی کات حەزدەکەم لەسەر کەسێک بنووسم کە نایناسم و من ئاشنای بکەم بە خەڵک .

ئەو وەک شێوەکاری ئەمریکی جۆرجیا ئۆکیف – لە ڤێرجینیاوە هاتووە بۆ نیومەکسیکۆ لە مەهابادەوە هاتووەتە سلێمانی. هەر وەک ئۆکیف دەڵێت: "لە کوێ لە دایک بووم و لە کوێ دەژیم گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لەو شوێنەی لێی دەژیم شتێک بم و سوودێکم هەبێ، گەر وا نەبێ نامەوێ بژیم".

ئەو وێڵە بەدوای ئازادی و ئازادیش هەڵدێ و ناگیرێ . کار دەکات تا لە نێگارکێشانەوە ئازادی پارچەکراو لەیەک بداتەوە . تابلۆکانی پڕن لە ئەندێشەی جوانی ئازار، شوێن پێی ئازار، چیرۆکی توندوتیژی. پڕن لە جوانی ئازادی، قوربانی بۆ ئازادی .

## هێڵ و رەنگ و رووبەر

فیگەرەکانی تارا بە سکێچێکی ئەکادیمی باش کێشراون، لە هەندێ کاریدا بەشێوەی هێماداری کاری کردووە. لە چەند کارێکی دیکەدا کە لەبەردەستی مندایە بە شێوازی ئیمریشینزمی سەرنجدار رووی تەختی پڕ کردووەتەوە. بە گشتی کارەکانی لە چوارچێوەی هونەری ئێکسپریشینزم (ئەندێشە) دان. هەر مۆتیڤێک ئەوەندەش بزاوی قورس بێ و فۆرمەکە خواری تێدابێ و فیگەرەکە ئەنیتۆمی ئاڵۆز بێ، ئەو لێی ناترسێ، بەڵکو ئەو تێدەکۆشی بۆ گەیشتن بە سەرکردنی ئەندێشەکانی. ژنەکانی تارا زۆر تەنیان. هەر یەک ژن و یەک ژن. گیانلەبەرێک، دارێک، ئامرازێک، میوەیەک، بەردێک لە نێو رووبەری تابلۆکانیدا نابینی. ئەوەی من لە لاپەڕەی فەیسبووکەکەی بینیومە، تەنیا نیگاری مێینەی زیز، خۆلوولکردوو، خوێن بەشان و قاچ و پشت و لاڕانیاندا دەچۆڕێ، نازانی شوێنەواری برینی چییە؟ برینی چەقۆیە؟ یان جنۆکەیە؟ یان شەولەبانە؟ گێڕانەوەی ئەفسانەی شین و جەنگی گریانە بۆ ئازادی، یان برینی لاقەکراوی کچانی کوردی ئێزدییە.

ئەو شوێنەی ژنی لێبێت بۆنی ئازادی لێدێت. ئەو شوێنەی ژنی لێنەبێت بە نهێنی و بە شاراوەیی دەمێنێتەوە. لەو شوێنەی هونەری لێبێت مێینە هەیە، ئازادی هەیە، دونیا هێمنتر و خۆر گەرمییەکەی بەتینترە. ژن خۆری پیاوە. ژن سرکەری رۆح و جەستەی پیاوە. پیاویش رەنگی سووری رۆح و ئاریشتی ژنە .

ناتوانم بڵێم تارا ئەزموونی زۆرە و گەیشتووە بەشێوازی خۆی، بەڵام لە ڕێگایە و ماندووە، ئەو ڕێگایەی ئەو بڕیویەتی درێژییەکەی زۆرترە لە زۆر لەو شێوەکارە مێینانەی من دەیانناسم.





## سەرنج لە تابلۆی (لەشی مردوو)

ژنێک لە خەفەتان خەوتووە، ژنێک راکشاوە بۆ نەشتەرگەری چاوێشە، یان دەرهێنانی ددانێکی یان دەرهێنانی منداڵدانی، ژنێک، کچێ درێژ بووە لەسەر مافوورێکی گوڵداری رۆژهەڵاتی، راستتر ئێرانی، نەخش و نیگاری گیاو گوڵ پڕە لە رەنگی سوور، لاشەیەکی سارد و ماندوو و لاواز، زیاتر لە مردوویەک دەچێ .

جووڵەی ئەو فیگەرە نارێکە و هەست بە دڵەڕاوکێ و دڵتووندی دەکەی، چونکە بە خواری و لاتەریبی راکشاوە لە فیگەری کچانی (مۆنش) دەچێ کە نەخۆشبێ و تووشی نەخۆشیی شیزۆفرینیا بووبێ .

زۆر بە خێرایی و نەترسانە، هێڵی فۆرمی سەرەکیی تابلۆکەی کێشاوە و بەشەکانی رووبەری فۆرمی ژنەکە و باکگراوندی ژێری پڕکردووەتەوە، دووری و بەرزی بە تۆنی رەنگەکان دروستکردووە، نەخشی مافوورەکەی بەشێوازی یەک نمرە رەنگی مۆنۆکرۆم پڕکردووەتەوە و بەشێوەی ماتیس کاری کردووە و زیرەکانە خۆی لە دەستی وردەکارییەکانی نەخشی گیا و گوڵەکان رزگار کردووە .

هێڵ تابلۆکەی دروستکردووە. فیگەریش ناوەڕۆکێکی بە واتای هێناوەتە بوون. رەنگیش تابلۆکەی تەواو کردووە. لێرەدا فۆرم و ناوەڕۆک و هێڵ و رەنگ، نێر و مێ واتە هێڵ و ڕەنگ، رووبەر و کتلە (لەت) لە خزمەت یەک هەستاونەتە سەر پێ. فیگەرەکە هەرچەندە لە تیرۆرکراو (تەفروتونا) دەچێ، بەڵام زۆر زیندووە و پڕە لە زمانی نهێنی و زمانی رەنگی ئاوازدار. لەوانەیە ئەو فیگەرە شێوەکار خۆی بێ و گوزارشتی لە خودی خۆی کردبێ.

## (Expression)

زۆر نزیکە لە خەودا بیر لە مردن و شێوەی لاشە و درێژیی خۆمان بکەینەوە، لەسەر جێگای نووستنمان یان لە میوانخانەیەک رۆح و لاشەمان بخەینە بەردەست و پێی نزیکترین هاوڕێ، کەچی ببێ بە درندەترین گۆشتخۆر. زۆر نزیکە لە خەودا بیر لە مردنی شێوەی لاشە و درێژیی خۆمان بکەینەوە.





تابلۆی لەشی مردوو